ئەو کەسانەی کە نوێژی هەینی ناکەن، یان دەبێت واز بهێنن لەم کارە ناپەسەندەیان، یان ئەوەتا خوای گەورە مۆر دەدات لەسەر دڵەکانیان، پاشان لە بێئاگایان دەبن

لە عبداللەی کوڕی عومەر وئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: گوێیان لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کاتێك لەسەر مینبەرەکەی بوو فەرمووی: «ئەو کەسانەی کە نوێژی هەینی ناکەن، یان دەبێت واز بهێنن لەم کارە ناپەسەندەیان، یان ئەوەتا خوای گەورە مۆر دەدات لەسەر دڵەکانیان، پاشان لە بێئاگایان دەبن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەرەکەیدا هۆشداریدا سەبارەت بە وازهێنان لە ئەنجامدانی نوێژی هەینی وئامادەنەبوونی بە بێ پۆزش، وبە هۆی کەمتەرخەمی وتەمەڵیەوە، سزای ئەم تاوانە ئەوەیە خوای گەورە مۆر لەسەر دڵیان دەدات ودایدەپۆشێت وبەربەستێك لەسەریان دادەنێت کە ڕێگرە لە شوێنکەوتنی هەق وڕاستی، پاشان لە بێ ئاگایان دەبن سەبارەت بە ڕێگاکانی خێر وچاکە، ودوور دەکەنەوە لە پەرستنەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65767